Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris
Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.01.25 20:39:56 +01'00'

# ژن و جیهانی بوون، لایەنە پوزتیڤ و نەگەتیڤەکانی

**دوکتۆر رۆئیا تلووعی**

## پێشەکی:

گولۆبالیزەیشن (Globalization) یان بە جیهانی بوون ئەو رەوتەیە کە هەندێ کەس پێیان وایە دوای رووخانی سۆڤیەتی پێشوو هاتۆتە ئاراوە و بە هۆی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای پێوەندییە گشتیەکان بە خێرایی و چالاکییەوە خەریکی پەرە سەندن و گەشەکردنە. بەڵام، لە لایەکی تریشەوە، تاقمێکی دیکە وای بۆ دەچن کە ئەم رەوتە شتێکی تازە نییە و بەڵکو بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆن و بناخەدارە و لە راستیدا درێژەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە.

مەبەستی سەرەکی لێرەدا دەسەڵاتی هەمەگیری کاپیتالیزمە بە سەر جیهاندا کە هاوکات لەگەڵ رووخانی یەکێك لە زلهێزەکانی جیهان واتە رژێمی کۆمۆنیستی، کاپیتالیزم بە تواناتر و چالاکتر بووە و بە پەلەوە ئەیەوێ دەسەڵاتێکی یەك لایەنە لە جیهانیدا بگرێتە دەست و خەریکی پەرەدانە بە تواناکانی خۆی.

لە رۆژی ٣٠ی مانگی مەی ساڵی ١٩١٩ دا و لە هوتێل ماژستیك لە شاری پاریس گروپێکی بەرتیانی و ئەمریکی لە سەر دامەزراندنی رێکخراویەك بە ناوی «ئەنستیتۆی بابەتە نێونەتەوییەکان» رێك دەکەون. لێژنەیەکی شەش کەسیش بۆ بەڕێوەبردنی ئەم رێکخراوەیە دابیندەکرێ کە لە سێ ئەمریکی و سێ بریتانی پێکهاتبوو.

لــە هەڤــدەی ژوئــەنی ســاڵی ١٩١٩دا، کۆبوونەوەیــەك بــە مەبەســتی رەسمــی کردنەوەی ئەم رێکخـراوە تـازە پێکهـاتووە سـاز ئـەکرێ. ئامـانجی ئـەم رێکخراوەیـەش ئاگـادار کردنــەوەی ئەندامــەکانی خــۆی بــوو لــە چــۆنیەتی بــارودۆخی نێونەتــەوەیی و بــە توانــاکردنی ئەندامــەکان بــۆ لێکۆڵینــەوە لــە ســەر پێوەنــدی نێــوان سیاســەتی نەتــەوەیی و بەرژەوەنــدیی کۆمــەڵگا لــە رواڵــەتی سیســتەمێکی یــەك پارچــە لــە جیهاندا.

بیرۆکــەی ســەرەکی ئــەم بابەتــە هــی مێژووناســێکی بەریتانیاییــە بــە نــاوی «لایونل کریتس».

پــاش یــەکگرتوویی دوو لێژنــە «پێوەندییــە دەرەکیــەکان» لــە نیۆیــۆرك و «ئەنســتیتۆی بابەتــە نێونەتەوەییــەکان» لقــی ئــەمریکا لــە ســاڵی ١٩٢١دا، رێکخراوەیــەکی نــوێ بــە ناونیشــانی «ســەندیکای لێژنــەی پەیوەندییــە دەرەکیــەکان» پێکهــات. ئــەم لێژنەیــە ئەیویســت باســو خــوالێکی درێژخایــەن ســەبارەت بــە بــارودۆخی نێونەتــەوەیی و رامیــاری و ئــابووری ئــەمریکا دامــەزرێنێ. ئەنــدامانی ئەم لێژنەیــە بــریتی بــوون لــەو کەســانەی شــارەزای پێوەندییــە نێونەتەوەییــەکان بــوون و دەســتیان کــرد بــە دانــانی پلانێکــی زۆر ورد و ســەرنجڕاکێش بــوو بــۆ سیاســەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

بــۆ نموونــە، لــە ســاڵی ٣٠-١٩٢٠دا رێبەرایــەتی ئــەم لێژنەیــە سیاســەتێکی گەشــەخوازانەیان بــۆ ئــەمریکا داینکردبــوو. لــە قــەیرانی ئــابووری ســاڵەکانی ٣٢-١٩٢٩دا لە بەرامبەر رەوتــی وێســتاوی ئــابووری لــە جیهانــدا ئــەم لێژنەیــە پێشــنیاری زۆر کردنــی هــەناردە و بازرگــانی جیهــانی کــرد کــە ئەمــەش وەك رێگایــەك بــوو بــۆ رزگــاری ئــەمریکا لــە قــەیرانی ئــابووری. لــە شــەڕی جیهــانی دووەمــدا بــۆ کۆتــانی

ژاپۆن بـه هـۆی سیاسـەتە هوروژماوییەکەیـەوە هـەر وەهـا بـە مەبەسـتی مـاتکردنی دنیا بومبای ئەتۆم بە کار هێنرا. (٦ی ئوتی ١٩٤٥)

هـاو کـات لەگـەڵ هـاتنی ئـەمریکا بـۆ نـاو شـەڕی جیهـانی، سـەرۆکی لیژنەکـە وتی:

«پیۆیسـتە ئـەمریکا بـیر لـە بنیاتنـانی جیهـانێکی نـوێ بکاتـەوە لـە رەوتێکـی نوێـدا. لەوانەیـە ئـەمپراتووریای بریتانیـاش بـە هـەمان شـێوازی کـۆن نـەمێنێت و ئەمریکا ناچار بێت ئەویش داگیر بکات.»

لیژنـەی نـاوبراو لـە دوای تـەواوبوونی شـەڕی جیهـانی دووەم دەورێکـی هـەرە گرینگی لـە پێکهێنـانی بنکـە و بناخـە نوێکـانی دوای شـەڕ وەك رێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان **UN** - بـانکی جیهـانی - سـندووقی نێونەتـەوەیی پـارە و... هتـد گێڕا.

لـە سـاڵی ١٩٥٣ دا، لیژنەکـە پرۆگرامـی گەشـە پێـدانی کومپانیاکـانی دەسـت پێکـرد و لـە نێـوان سـالانی ٧٢-١٩٥٣ دا ژمـارەی ئـەم کومپانیـا جیهانیـە گەورانـە لە ٢٥ ەوە گەیشتە١٥٧.

ئــەم لیژنەیــە هاوکــات لەگــەڵ دامــەزرانی تــۆرە جیاجیاکــان هاتــە نیــۆ حکوومەتیشــەوە و دەورێکــی بەرچــاوی لــە پێکهێنــانی میــدیاکانی پێوەندییــە گشــتییەکان گێــڕا و زۆربــەی ئــەو رێکخــراوە ئەهلییانــەی ئــەرکی لێکۆڵینــەوە و پەروەوردەیان لە ئەستۆ بوو بـە لیژنەکـەوە گرێـدران شـەڕی ڤیـەتنام هـەر بەشـێك لـەو پرۆگرامانــەی لیژنەکــە بــوو بــە مەبەســتی گەیشــتن بــە شــوێنگەی ئســتراتیژیك و دەوڵەمەنـدی ئاسـیای باشـووری رۆژهـەلات. لـە راپـۆرتی سـالانەی ١٩٧٤دا، لیژنـە دەستی کرد بـە باسـکردن لـە سـەر پرۆگرامێکـی نـوێ بـۆ سـالانی داهـاتوو. ئەمـەش

بەربڵاوترین بەرنامەی لیژنەکە بوو و ناوی ئەم پرۆگرامە نوێیەش نرا «گەڵاڵەی دەیەی هەشتا». ئامانجی ئەم پرۆگرامە پێکهێنانی ڕەوتێکی نوێی ئابووری و رامیاری لە جیهاندا بوو کە بتوانێ جێگەی سیستەمی کۆن بگرێتەوە.

ڕەوتی زیابوونی ژمارەی جەماوەر، ئاڵوگۆڕی بناخەکانی دەسەڵات، دامەرزاندنی وڵاتانی نوێ، زۆرتر بوون و بەرچاوبوونی دەوری NGOکان لە بەستێنی کێشە نێونەتەوییەکاندا، هەر هەموو هەلومەرجێکی نوێی پێکهێنابوو، ئەوەش بە جۆرێ کە پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی بناخەیی لە سیاسەتدا هەست پێدەکراو، پێویست بوو سیستەمێکی نێونەتەوەیی هاوچەرخ دابمەزرێ. لە بەهاری ١٩٧٢دا دەیڤید راکفلر پێشنیاری ساز کردنی کۆمۆسیۆنێکی سێلایەنەی ئاراستە کرد روانگەی زاڵ بە سەر لیژنەدا بوو بەروانگەی ئەنترناسیونالیستی لیبرال سەردەمی نەتەوە دەولەت رووی لە تەواو بوون دەکرد و هێزە ئەوپەڕ نەتەوییەکان بە هوی ڕێکخراوە سیاسی و ئابووریەکانەوە جیهان پێکەوە گرێ دەدەن. لەبەر ئەوەش کەلەم هەلومەرجە تازەیەدا هیچ وڵاتێك بەتەنیایی ناتوانێت ئەو دەورە ببینێ کە ئامریکا لە ڕابردوودا هەبووی، ڕێبەرایەتی گشتی هێزە کاپیتالیستەکانی وڵاتە پیشکەوتوو پیشەسازییەکان گرنیگایەتیەکی زۆر ئەگرێتە خۆ.

لێرەشدایە کە ئەمریکا و ئەورووپای روژ ئاوا و ژاپۆن ڕێبەرایەتی جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەشدەکەن. ئەی بەشی جیهانی سێیەم چی دەبێ؟ لەم پرۆژیەدا، جیهانی سێیەم هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە چۆنیەتی بەشداری لەم دەسەڵاتدارییەدا بە خۆیەوە نەبینیوە. بەڵام بە هۆی گوێزانەوەی بڕێك لە کارخانەکان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆ ئەم بەشەی جیهان و ناچارکردنی

جیهانی سێیەم بۆ هاتنە ناو سیستەمەی نوێی جیهانی، دەکرێتە بەشێك لە کارکردی ئابووری جیهان سەرەڕای ئەمەش بەشی جیهانی سێیەم هەر تەنیا ئەوەیە کە بەرهەمی بازاڕەکانی وڵاتانی پێشکەوتوویان لە بەر دەستدا بێ یان بەشداری لاواز لە چەند رێکخراوەیەکی ئابووری جیهان و گوێزرانەوەی بڕێك لە تکنۆلۆژیای کۆنی پیشەسازی وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ جیهانی سێیەم.

**دانیشتنەکانی داووس:**

لە ساڵی ١٩٧٠ بەم لاوە کۆبوونەوە ساڵانەکانی داووس لە شارۆچکەی داووس بووە بنکەی سەرەکی تێکۆشان بۆ ئەم رەوتەی جیهانی بوون. ئەم کۆبوونەوانە ئەوڕۆکە بە کۆبوونەوەی ئابووری جیهانی Economic forum of world ناسراوە.

ئەم رێکخراوەیە لە ساڵی ١٩٧٧دا بوو بە گەورەترین تۆڕی بازرگانی جیهانی.

کاریگەرێتی داووس لە چین دا و لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٠دا بووە هوی گۆڕانکارییەکی گرینگ لە رەوتی چاکسازی ئابووری چین دا. ساڵی ١٩٨٥ کاریگەریەتیەکی بەرچاویشی لە سەر گەشەی ئابوری هیند دانا.

ساڵی ١٩٧٨ کاتێ گێشنێر، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئاڵمانیا، وتی: «وەرن با دەرفەتێکی نوێ بۆ گورباچێڤ بڕەخسێنین.» ئەمە بووە هۆی سەرەتای رەوتی تەواوبوونی شەڕی سارد.

EFW دەورێکی چاکی لە رەوتی ئاشتی نێوان حکوومەتە پێوندیدارەکاندا گێڕاوە. بۆ نموونە، هێمن بوونەوەی کێشەی نێوان تورکیا و قیبرس (بەیاننامە داووس) چاوپێکەوتنی وەزیرانی کاروباری دوو وڵاتی کۆریای باشوور و باکوور،

چاوپێکەوتنی هێلموت کۆهل و هانس مودرو لە ساڵی ١٩٩٠دا، یارمەتی دانی گۆڕانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفریقای باشووردا و بڕیاری ئاشتی نێوان عەرەفات و پریز.

لە دانیشتنی ساڵانەی ئابووری ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ساڵی ١٩٩٢دا ڕێکخراویەك بە ناوی **APEC** پێکهات و تۆڕیکی نوێ بە ناوی ڕێبەرانی داهاتووی جیهان (لە بورای ئابووری، سیاسی، زانکۆکان، میدیاکان و بەڕێوەبەرێتی) ساز کرا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا بریتی بوو لەو کەسایەتییە ژێر چل و سێ ساڵانە کە لەم بوارانەوە شارەزا بوون و بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەم بوارانە لە داهاتوری جیهاندا پەروەردە کرا بوون.

یەکەم دانشیتنی ئابووری لە ساڵی ١٩٩٣ دا و لە ئافریقای باشوور بووە هۆی بنیاتنانی یەکەم دەوڵەتی دیموکراتیك و یەکگرتووی نەتەوەیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٩٤دا.

جگە لەوەش، یەکەم دانیشتنی ئابووری لە کازابلانکا بووە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵەی ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست - باکوری ئافریقا.

دروشمی سەرەکی دانیشتنی ساڵانەی ساڵی ١٩٩٩ مسۆگەر کردنی جیهانی بوون بووە. هەر وەها یەکەم دانیشتنی ئاسیا - ئەوروپا لە بانکۆك و دانیشتنی ئابووری ئەوروپای ناوەندی هەر لەم ساڵەدا بوو. دانیشتنە ساڵانەکانی داووس هەر بەردەوامە.

ئەندامانی ئەم کۆبوونەوە بریتین لە: کۆمپانیا گەورە و سەرکەوتووەکانی جیهان و ئەو کۆمپانیانەی کە لە گەشە سەندن دان، هەر وەها گروپە جیاجیا نێونەتەوەییەکان و ئەندامە زانستی و سیاسەتمەدارانی بەرچاو حکوومەتە

پێشکەوتووەکانی جیهان. لە وەها کاتێکدا سیستەمی سەرمایەداری بە تایبەت پاش نەمانی سۆڤیەت و سیستمە سۆسیالیستەکانی ئەوروپا بۆتە تاقە زلهێزی جیهان. گۆڕانکارییە ژێئۆپۆلوتیکەکانی ئاسیا و ئەوروپا هاوکات بووە لەگەڵ کەڵەکە بوونی سەرمایەی پیشەسازی و ئابووری وڵاتانی رۆژئاوا و بەدیهاتنی هەلومەرجێکی تازە بۆ گەشەی تەکنولۆژیکی میدیاکانی پەیوەندی گشتی و کۆمپیوتر.

ئەوانەی سەرەوە تێکڕا هۆکاری زۆرتر بوونی هێز و توانای سیستمی کاپیتالیستیەکانن.

## تایبەتمەندیەکانی جیهانی بوون

**١- لەبواری ئابوورییدا:**

- جیهانی بوونی شتومەك، تەکنولۆژیا و سەرمایە لە چوارچێوەی دابەشکردنی کاری جیهاندا کەلوپەل بە نرخی هەرزان کەژینگەش تێکدەدات و وزەی کاری هەرزانسازی ئەکات لە وڵاتانی باشوور چێدەکرێ. شتومەکی گرانبایی و پاك لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازانە دروست ئەکرێ. ئیدارە ناوەندییەکانی ئەو کۆمپانیا گەورانە لە وڵاتانی رۆژئاواوە دەگوێزرێنەوە بۆ وڵاتانی هەرزانی باشوور بە مەبەستی ئەوەی کە بە نرخ و بەهایەکی کەمتر بەڕێوەیان بەرن.

بە پێچەوانەی ئەو ئاڵوگۆڕە ئاشکرایانەی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی لە سیستەمی سەرمایەداریدا بەرچاو ئەکەوێ، دوو تایبەتمەندی سەرەکی و جیاوازی جیهانی سێیەم هەر نەگۆڕاوە. یەکەم سەربەخۆ نەبوونی

جیهـانی سـێیەم کـە بۆتـە هـۆی دیلیـی ئـەم بەشـەی جیهـان و دووەم دابڕانـی زۆری نێوان جیهانی سێیەم و جیهانی پێشەسازانە.

ئەگەر **GNP** واتەڕێـژەی تـەواوی ئـەو کەلوپـەل و خزمەتانـەی لـە سـاڵێکدا و لـە وڵاتێـك دێتـە بەرهـەم رەچـاو بکـەین، بـەو ئەنجامـە دەگـەیین کـە **GNP** چـل وڵاتـی دەوڵەمەنـدی جیهـان بیسـت بەرابـەری **GNP** چـل وڵاتـی هـەژار و نـەداری جیهانـە. ئەم جۆرە دابڕانە بە داخەوە هەردەم رووی لە زیاد بوونە.

لـەم سـەردەمەدا و بـە هـۆی رەوتـی خێـرای جیهـانی بوونـەوە پێوەنـدیی نێـوان وڵاتـانی جیهـانی یەکـەم و جیهـانی سـێیەم زۆر زۆر ئـاڵۆزتر بـووە. زۆربـەی هـەرە زۆری پێداویسـتیەکانی سەرچـاوە سروشـتیەکانی پیشەسـازیی رۆژئـاوا لـە جیهـانی سـێیەم وەردەگـیردرێ و لـە لایـەکی تریشـەوە زۆربـەی بەرهەمـە خواردەمەنییـەکانی جیهـانی سـێیەم بـەرەو وڵاتـە پێشەسـازانەکان دەچـێت. هـەر وەهـا کەلوپـەلێکی زۆر لـە وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم دروسـت ئـەکرێ کـە کۆمپانیـا رۆژئاواییـەکان لـەوێ کارخانەیان دانـاوە. سـەرمایەداری بـەردەوام بـۆ دۆزینـەوی بـازاڕی نـوێ بـۆ فرۆشـتنی کەلوپـەل و سەچـاوە سروشـتییەکان و وزەی کـاری هـەزاران دەگـەڕێ. هاوکـات لەگـەڵ بەتاڵبوونـــەوەی سەرچـــاوە سروشـــتییەکانی جیهـــانی ســـێیەم، گەشـــەی ئـــابووریی وڵاتانی رۆژئاوا زۆرتر ئەبێتەوە و هەژاری جیهانی سێیەمیش زۆرتر دەبێتەوە.

ئانـدرێ گونـدێر فرانـك دەڵـێ وڵاتـە پیشەسـازانەکان لـە راسـتیدا بـە پـارەی وڵاتـانی جیهـانی سـێیەم گەشـەیان سـەندووە کـە بـۆ خۆیـان بەرهـەمی کۆلۆنیـالیزم و ئـەمپریالیزمن و هـەر لـە بـەر ئـەم هۆیـەش دواکـەوتوویی و پەرەسـەندن بوونەتـە دوو بەری قوماشێك.

وڵاتــە دەوڵەمەنــدەکان لــە ناوەنــدی یــەك مێترۆپۆڵــدا کــۆ دەبنــەوە و وڵاتــانی دەوروبــەر لــە دەوری کــۆ دەبنــەوە و ئــابووری و ســامانی ئابوریيــان بــە ســامانی ئــابووریی وڵاتــە پێشــکەوتووەکانەوە بەســتراوەتەوە و زۆربەشــيان هــەژارن. کاتــێ وڵاتــانی جیهــانی سـێیەم ئــەو پارەیــەی کــە دەبــێ بــۆ کــڕینی کەلوپــەل و خزمــەت خــەرجی بکــەن لــەو پارەیــەی وە دەســتیان دەکــەوێت زۆرتــرە، ناچــارن بــۆ قــەرەبوو کردنــەوەیان وام بهێــنن و یــان دەرفــەت بــۆ ســەرمایەداریی وڵاتــە بیانییــەکان بڕەخسێنن کە بێت و لەو وڵاتەدا سەرمایە بخاتە گەڕ.

ئاکـامی وەهـا بارودۆخێـك چ لــە رەوتێکـی درێژخایەنـدا و چ لــە ماوەیـەکی تیـژ تێپەردا ئەبێتە هـۆی گوێزانـەوەی بەرهـەمی ئـابووریی ئـەو وڵاتانـەی خـەریکی گەشـە کردنن بۆ وڵاتـانی سەرچـاوەی سـەرمایە. هـەروەهاش ئەبێتـە هـۆی پتـەوتر بوونـەوەی بنیــاتی ناســەربەخۆیی وڵاتــانی کــەم هێــز و بەســترانەوەی زۆرتریــان بــە وڵاتــانی بــە هێــزەوە. کەواتــە جیهــانی ســێیەم لێــرەدا دەبێتــە سەرچــاوەی بــەردەوامی کــەڵك و ســوود و قــازانجی کۆمپانیــا گــەورەکان و رێکخــراوە ئابوورییــەکانی وڵاتــە پیشەسازانەکان.

ئەوڕۆکــە قــەرزداریی وڵاتــانی باشــوور لــە ٢/٥ تریلــون دۆلار لای داوە و بۆتــە ئامرازێــك بــۆ ســەرکوتکاریی ئــابووریی. **GNP** وڵاتــانی پێشــکەوتوو لــە چــەندین تریلێــون دۆلار زیــاترە و دەســتکەوتی بورســبازەکان و دلاڵــەکان لــە نێــوان هــەفتا تــا سەد تریلێون دۆلارە.

کۆبوونــەوەی ئــەم ســەرمایە و ســامانە لــە دەســتی تاقمــێ ســەرمایەداری جیهانیــدا و ناردنــەوەی کەلوپــەل بــە نرخێکــی زۆرەوە بــۆ دەروەی وڵات لــە وڵاتــانی پێشکەوتوو، تەکنولۆژیای سـەرکەوتوو و رێبەرایـەتی بـە کـەڵك و بـە توانـا لـە لایـەن

وڵاتــە پێشــکەوتووەکانەوە، هــەر هــەموو ئەمانــە لەگــەڵ سەرچــاوە سروشــتیە هەرزانــەکان و کەلوپــەلی هــەرزان و تکنولوژیــای هــەرزان ئەگوڕێتــەوە و هێــزی پەروەردەی هەرزان بۆ کار لێرەدا لە لایەن وڵاتانی باشوورەوە بەرهەم دێت.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە هـۆی زۆربـوونی سەرچاوەکانی نـەوت و گـاز (کـە تـا پـەنجا سـاڵێتر رۆژئـاوا تێـر و بـەخێو ئـەکات و تەمـەدونیان گەشە پـێ ئـەدات) هێـزی هـەرزان بۆکـار ـــ بـازاڕێکی ١/٥ میلیـارد کەسـی بـۆ بـەرخۆری ـ ژینگـە بێکـەس بـووەی بـەرگری لــە شـێوانی بکرێـت و هـەروەها ژینگەیـەکی دوور لــە وڵاتانی پێشـکەوتوو بێگومـان بـۆ پـرۆژەی جیهـانی بـوون شـوێنێکی زۆر باشـە. هـەر بۆیـەش بـە هـۆی تێکـەڵاو بـوونی کۆمپانیاکـانی وڵاتـە پێشـکەوتوتان بـە هـۆی سـەرمایە و تـەکنۆلۆژیا و رێبەرایـەتی و هێـزی ئینسـانی لەگـەڵ کۆمپانیاکـانی جیهـانی سـێیەم و کـەڵك وەرگـرتن لــە سەرچـاوە سروشـتیەکانی وڵاتـانی ناوچـەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست پێدەکات.

**٢- لە بواری رامیارییدا:**

لێرەدا جیهـانی بـوونی دیموکراسـی، جیهـانی بـوونی ئـازادی، مـافی مرۆڤ، مـافی هەڵبـــژاردنی دیموکراتیـــك، ئـــازادیی حیزبـــەکان، ئـــازادی بڵاوکراوەکـــان و چاپەمەنیەکان، ئازادی رادیـۆ و تەلـەڤیزیۆن، ئـازادی تـاك و ئـازادی ئـایین رێزیـان لـێ دەگـیردرێ و بـە رەسمـی دەناسـرێن (ئەمـەش هـەر چـەندە کـە لــە چوارچـێوەی ئامانجەکانی سەرمایەداریدا بێت).

هەر وەهاش پشـتیوانی کـردن لـە رێکخـراوە و دامـەزراوە نادەوڵەتیـەکان بـۆ کـەم هێـز کردنـەوەی دەسـەڵاتی دەوڵـەت و بچـووك بوونـەوەی دەوڵـەت لــە دەسـتکەوتە هەرە گرنگەکانی جیهانی بوونە لە بواری رامیارییدا.

(١١) يـــانزەی ســـێپتامبر رۆژێكـــی زۆر گـــرنگ بـــوو بـــۆ بـــەكارهێنانی هێـــزی چـــەكدارانە بـــە مەبەســـتی خێراتـــر كردنـــەوەی جیهـــانی بـــوون و دژایـــەتی لەگـــەڵ تیرۆریزمدا.

ســـەرەڕای ئامانجـــە ئابووریـــەكانی جیهـــانی بـــوون لـــە رۆژهـــەڵاتی ناوڕاســـتدا، كێشـــەكانی ئـــەم ناوچـــەیە بـــە هـــۆی كێشـــەی فەلەســـتین و پرســـی كـــورد و مەســـەلەی ئـــایینی بنیـــاتخواز و سیاســـی هـــەر هێشـــتاش بەردەوامـــە لـــە لایـــەكی تـــرەوە، پـــەیتا پەیتا رێگـــا بـــۆ گەیشـــتن بـــە ئامانجـــە رامیارییـــەكان و ســـەقامگیر بـــوونی دیموكراســـی و ئـــاڵوگۆڕیی ســـیمای رامیـــاریی وڵاتـــەكانی ئـــەم ناوچـــەیە خـــۆش دەكـــرێ، ئـــەویش بـــە چەشـــنێك كـــە سیســـتەمی دیمـــوكراتیكی لایـــەنگری جیهـــانی بـــوون دەســـەڵات بگرێتـــە دەســـت. ئێســـتاش ئـــەزموونی ئەفغانیســـتان و ئێـــراق لـــە ئارادایـــە و پێویســـتە چاوەڕوان بین بۆ وەی بزانین ئاخۆ ئاكامی ئەوە چۆن دەبێ؟

**٣- لە بورای كولتووریدا:**

لـــە بـــورای كولتووریـــدا بەڵگـــە نەویســـتە زاڵبـــوونی دەســـەڵاتی كولتـــووریی رۆژئـــاوا و توانـــەوەی كولتـــوورە بچـــووكەكان و توانـــەوەی دەســـەڵاتی ئـــایین و ئایـــدیۆلۆژیا لـــە تایبەتمەندیـــەكانی جیهـــانی بوونـــە. میـــدیا جیهانیـــەكان و بۆمبابـــارانی رێكلامـــی ئەوان و پێوەندییـــە كولتووریـــەكان بـــە هـــۆی ئەنترنێتـــەوە بێگومـــان دەورێكـــی گرنگیـــان هەیە بۆ ئامادەكردنی رای گشـــتی. جیهـــان بـــە راســـتی چـــكۆلە ئەبێتـــەوە و هـــەر كاتـــێ مرۆڤـــ گەرەكی بـــێ ئـــەتوانێ لەگـــەڵ مرۆڤێكـــی تـــر لـــەجیهانـــدا بـــە ئاســـانی پێوەنـــدی بگرێ و ئاڵوگۆڕیی بیروڕا بكـــات. هـــەر وەهـــا ئەوڕۆكـــە دەســـەڵاتەكان نـــاتوانن لـــە ســـەر نەزانی و نائاگایی مرۆڤـــەكان بـــە هـــەر شـــێوەیەك حـــەز بكـــەن دەســـەڵاتداری بكـــەن بـــە تایبەت لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا كە تۆتالیتاریزم هێلانەی كردووە.

## دەوری ژن لە جیهانی بووندا

بە سەرنجدان بەو تایبەتمەندیانەی لە سەرەوە بۆ جیهانی بوون دەست نیشانکرا ئێستا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا دەوری نیوە بێدەنگەکەی کۆمەڵگا، واتە ژن، لە جیهانی بووندا چییە؟ ئایا چەند هەزار ساڵ بێدەنگی و هەڵڕسکاوی هەروا بەردەوام ئەبێ؟ ئاخۆ جیهانی بوونیش هەر بەدەست پیاو و بۆ پیاو ئەبێ؟ یان کاتی ئەوە هاتووە کە ژنانیش دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ و لە سازکردنی و بنیاتنانی جیهانێکی نوێدا بەشدار بن؟

ئەمڕۆکە، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەر چاو ئەکەوێ و بە راستی تێکۆشانێکی چاك بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای ژن لە ئارادایە. کۆ بوونەوە و کۆڕ و کۆنفڕاسە نێونەتەوەییەکان و کۆنڤانسیۆنی لابردنی سەرکوتکاری ژنان و زەخت خستنە سەر دەوڵەتەکانی جیهان بۆ پەسەندکردنی ئەم راستیانە هەر هەموو هەنگاوی گرنگن بۆ گەشینی ژن بە پێگەی مرۆڤانەی خۆی. بەڵام دیسانەوەش کار و بەرنامەی پێویستە و جارێ هەر ناتەواوە.

ئاشکرایە گەشەی مرۆڤایەتی بە بێ لە بەر چاوگرتنی نیوەی کۆمەڵ، واتە ژن، ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. تاکو ئێستا بە داخەوە پرسی ژن هەر تەنیا پرسی لاوەکیی کۆمەڵگای ئێمە بووە و بە هۆی هاتنە گۆڕی کێشە جیا جیا کۆمەڵایەتییەکان هیچ کاتێ نۆرەی یەکەم بە ژن و کێشەی ژن نەدراوە و ئەم پرسە هەر وەکو پرسی دووەم و لاوەکی ماوەتەوە. ئەگەر بڕیار وایە جیهانێکی پێوەندیدار ساز بکرێت دەبێ ئەوەش بزانین کە جنسییەت لە لابەلای لایەنە شاراوە و تەماوییەکانی دەسەڵاتدا خاوەن گرنگایەتیەکی یەکجار زۆرە.

بیرداڕێــژانی جیهــانی بــوون زۆر لــە کێشــە ئابوورییــەکانی جیهــان وردبوونــەوە و بــە جیهــانی بــوون وەکــو تــەنیا سیســتەمی ناســراو لــە رواڵــەتی کــاری جیهــانی بایــەخ ئــەدەن، بــەڵام ناســینی چــۆنیەتی دا بەشــکردنی کــاری جیهــانی و هەلومەرجــەکانی پێویستی بە تێڕوانینێکـی هـەموو لایەنـەی چـۆنیەتی دابەشـبوونی جنسـیەتی کـار لـە بنەماڵە پیاوسالارنەکاندا هەیە.

تــاکو ئــەمڕۆ کۆلۆنیــالیزم بــە یارمــەتی ئایــدیۆلۆژیای جیــاوازیی رەگــەز بــەردەوام ژێردەســتە بــوونی ژنــی وەکــو بابــەتێکی سروشــتی و ناسیاســی پێشــانداوە. ئاراســتە کردنــی کێشــەی جنســییەت و کۆلۆنیــالیزم لــە بنەماڵــەدا وەکــو بایــەتێکی ئاســایی و سروشــتی، بۆتــە هــۆی پەرەســەندنی چــینایەتی و رەگــەز و توندوتیــژیی نەتــەوەیی. کاتــێ ئــەقڵ و ئــازادی ژن رەتدەکرێوتــەوە، ئینجــا ئــیتر ژن دەبێتــە شمــەك و دیــارە پیاوانیش لەو شمەکەی لە ژێر دەسەڵاتیاندایە کەڵك وەردەگرن.

کاتێ دابەشکردنی کار بەم شـێوەیەی لێهـات کـە کـاری بـێ داهـات لـە نـاو مـاڵ درا بــەژن و کــاری بــە داهــات لــەدەرەوەی مــاڵ درا بــە پیــاو، شــکۆ و مەزنایــەتی و رێــزی ژن هاتــە خــوارێ. لــە سەردەمێکیشــەوە کــە ژنــان هاتنــە نــاو بــازاڕی کــارەوە، دیســانەوە کــاری بــێ داهــاتی نــاو مــاڵ هــەر لــە ئەســتۆیاندا بــوو و بــە داخــەوە لــە بــازاڕی کاریشــدا دیســان لــە ژێــر دەســەڵاتی پیــاودان و دەســکەوتە ئابوورییەکەشــیان کــەمتر و، ئــەو چاوەڕوانییەشــیان لــێ ئــەکرێ کــە هــێمن بــن و پیــاوان هەرچــییەکیان وت بــە قســەیان بکــەن. هاوکــات ئــەبێ میهرەبــان بــن و لــە بــاری جینسیشــەوە بــەردەوام بــۆ پیــاوان رازاوە بــن. ئێســتاش لــە بــازاڕی کــاردا ژن هــەر پێگــەی خــواری هەیە و داهاتیشی لە پیاو گەلێك کەمترە.

هەر چەند ژنان لە بازاڕی کاردا داهاتیان لە پیاوان کەمترە، بەڵام هەر هاتنە مەیدانی کار بۆ ژنان چەندین دەسکەوتی بووە. هاتنی بە کۆمەڵی ژنان بۆ مەیدانی کار و چالاکی ئابووریی لە وڵاتە ئەوروپییەکان بە دوای راپەڕینی پیشەسازییەوە بوو.

لەو سەردەمەدا، پەیتا پەیتا روانگەی نەریتی بۆ بنەماڵە گۆڕدرا و ئاڵوگۆڕێکی قووڵ لە روانگەکانی ژندا سەبارەت بە چۆنیەتی ژیان سەری هەڵدا. هەرچەندە کاری دەرەوەی ماڵ بۆ ژن دژوار بوو و داهاتەکەشی کەم بوو، بەڵام دەرفەتێکی رەخساند بۆ چالاکی کۆمەڵایەتی، ئابووریی و هەر وەها دەسەڵاتی ئابووریی پیاوی لە سەر ژن کەم کردەوە.

لە لایەکی ترەوە، کاپیتالیزم لە کاتی بەربەرەکانێ لەگەڵ فئودالیزمدا خۆی بە درووشمی ئازادیی تاك و مافی یەکسانی خەڵك و کۆمەڵگا خستبووە بەرچاو و ئەم پرسەش بوو بە هۆی چوونە سەری ئاستی خوازیاری جەماوەر بۆ ماف و ئازادیی زۆرتر. کاپیتالیزم بە هۆی شوناسی ئابووریی خۆیەوە نەیدەتوانی وڵامی هەموو ئەو پێویستیانە بداتەوە و هەر بۆیەش قەیرانێك کەوتە روو و بەتایبەت ئەم قەیرانە لە ئاستی ژناندا بوو بە قەیرانێکی بەر چاوتر و خۆشکردنی رێگای خەباتی ژن.

ژنان لە باری ئابووریەوە بەم شێوەیە وردە وردە سەربەخۆ بوونەوە و وەکو وزەی کار هاتنە نێومەیدانەوە و هەستیان بە نابەرابەرییەکان کرد. ژنان ئیتر نەیان دەتوانی بێدەنگ بمێننەوە کەوتنە دژایەتی کردن و خەبات دژی ئەو یاسایانەی تیادا دادگەری بۆکار نەبوو و ئەمجارەش هروژمیان کردە سەر

دەسەڵاتی پیاوسالاری. بزوتنەوەی ژنان لێرەوە رواڵەتێکی کۆمەڵایەتی بە خۆوە ئەگرێ و هێدی هێدی ئەبێتە شتێکی جیهانی.

- بارودۆخی ژن لە ئێراندا

هەر وەك وترا راپەڕینی پێشەسازی و خەباتی زۆری ئازادیخوازانە لە وڵاتە پێشەسازانەکاندا بووە هۆی هاتنی ژنان بۆ ناو بازاڕی کار و کۆمەڵگا. لە هەمان کاتدا بە داخەوە لە وڵاتانی باشووردا وەك ئێران بە بۆنەی گەشە نەسەندنی پێشەسازی بە جۆرێکی نوێ و دەسەڵاتە کولتووری و نەریتیەکان، ئەم رەوتە نەیتوانی روانگەی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا تووشی ئاڵوگۆڕ بکات و بە داخەوە ژنانی ئێران نەیانتوانی بەو چەشنە بێنە نێو بازاڕی کارەوە.

- سێ هۆکاری سەقامگیرتر بوونی پیاوسالاری لە ئێراندا:

١- زاڵبوونی کولتووری بە گرنگ دانانی ژیانی ئەو دنیا و نکوولّی کردن لە ژیانی ئەم دنیا

٢- دەسەڵاتی زۆری بازاڕی نەریتی و کاپیتالیزمی بەستراوە بە ئەوەوە.

٣- داهاتی ئێجگار زۆری نەوت و کەڵك وەرگرتنی نائاقڵانە لەم سەرچاوە.

لە بەرچی ئەم سێ هۆکارە یارمەتی پیاوسالاری ئەدات؟ ئەمانە تێکرا بوونەتە هۆی پیشەیی نەبوونی کۆمەڵگای ئێران و دیارە دەرفەتی کار و هێزی پێویست بۆ کار بەدی نایەت. هەر وەهاش بازرگانی نەریتی بازاڕێکی پیاوانەیە و ژن ناتوانێ بچێتە ئەم بوارە. هەر بۆیەش ژن هەر لە باری ئابووریەوە سەربەخۆ نابێت و لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا ئەمێنێتەوە.

ئاشکرایە شۆڕێشی پیشەسازی بە هۆی بارودوخێ مێژویی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و کولتوورییەوە لە ئەوروپا زووتر لە شوێنەکانی تری جیهان دەستی

پێکرد و سەرمایەی روو لە گەشەی رۆژئاوا بە دوای بازاڕی تازە سنووری هەموو وڵاتێکی دەپێوا.

ئێران بە هۆی کێشەکانی ناو خۆ و هرووژمی کلتوری عەرەب بە سەریدا و هەر وەها دەسەڵاتی بەردەوامی کلونیالیزم کە تیکەڵاوی نیزامی ئیستبدادی ئەو کاتەی ئێرانیش ببو، هێدی هێدی بەرەو وشك بوون و سیس بوونی بناغە ئابووریەکانی چوو و بە داخەوە دەسکەوتی ئەم شتە ناخۆشە زۆرتر بوونی کێشە و ئاستەنگ لە بەرامبەر گەشەی پیشەسازیدا بوو. رەوتی گەشەی سیستەمی پیشەسازانە لە ئێران نەیتوانی پێك بێت و تیجارەتی ناسەربەخۆ لە لای بازاڕی نەریتی دەسەڵاتێکی زۆری گرت و بە یارمەتی یاسا سێبەری دەسەڵاتی خۆی خستە سەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگا و بە تایبەت ژن.

شێوازی کارکردنی دەلاڵی بوو بە هۆی بەهێز کردنی کلتوری ئیستبدادی و دوور خستنەوەی هێزە رۆشنبیرەکان و و پیاوسالاری پتەوتر کرد. بە هۆی دەسەڵاتی کلتووری دەلاڵی لە هاتنە مەیدانی ژنان بۆ بازاڕی کار رێگری کرا، بووەی بازاڕی دەلاڵی پیویستی بە خوێندەواری و زانست و یان هێزی فیزیکی جستە نەبوو بەڵکو مانەوە لەم مەیدانەدا تۆندوتیژی و دەسەڵاتدارییەکی دەویست کە ئێشی ژن نەبوو.

هەر لەو کاتەدا کە ژنان لە ئەوروپا لە دژاورترین بارودۆخی کۆمەڵگای پیشەسازی پێ بە پێی پیاو ئیشیان دەکرد، بە داخەوە ژنانی ئێران بە هۆی هەلومەرجێکەوە کە تێکەڵاوییەك بوو لە نەریت و بێ دەسەڵاتی و سەربەخۆ نەبوون، مەودایەکیان بۆ کار نەدۆزیەوە.

به داخــەوە کاتێــك هەڵسوکەوتی دەڵاڵی دەوڵــەتی بــووە و دەســەڵاتی گرتــە ســەر بناغــەکانی ئــابووری و کۆمەڵایــەتی ئێــران، پیاوســالاری بــوو بــە گــەورەترین کێشــەی کلتوری لە ڕێگای ڕزگاری ژن.

داهـــاتی فرۆشـــی نـــەوت و زۆربـــوونی ســـامانی ئـــابووری و دابـــەش کردنـــی نادادگەرانــەی لــە نێــوان چــینەکانی کۆمــەڵگا و پەرەســەندنی ڕوحــی ئامــادەخوازی (لــە جیــاتی هــەوڵ بــۆ بــەدیهێنان) بــوو بــە ڕێخۆشــکەری کولتــووری بــەرخۆری. جــا کاتێك کۆمەڵگایــەك پێشــەیی نــەبێ دەرفــەتێکیش بــۆ کــار و ئــیش پێــك نایــەت کــە بیــەوێ ژنــانیش بــە هــۆی پێویســتی بــە هێــزی ئامــادە بــۆ کــار بکێشــێتە مەیــدانی کــارەوە. لــەو لاوە لــە وڵاتــانی پێشــکەوتوو پێشەســازی ڕەوتــی خێــرای گەشــەی ئــابووری بــە فراوانــی لــە هێــزی کــاری ژنــان کــەڵك وەر دەگرێــت و بــۆ ســوودی زیــاتر ژنانی زۆرتری بردۆتە سەر ئــیش و کــار، کەچــی لێــرە پیــاوان ڕێگــە نــادەن بــە ژنــان و لە ماڵەوە دەیانهێڵنەوە.

یەکێك لە ئامرازەکانی مانــەوەی ژن لــە نێــو ماڵــدا، گرینگــی نــەدان بــە توانــایی ژنانــە لــە ئێــران. ئــاڵوگۆڕ لــە بناغــەی ئــابووری و کۆمەڵایــەتی ئێــران پێویســتی بــە ڕاپــەڕینێکی گــەورە لــە ســەر ڕوانگــەی گشــتی ســەبارەت بــە مــاف و جێگــای ژن لــە کۆمەڵدایــە و نــوێ بوونــەوەی کولتــووری لــە هــەموو بوارەکــانی بیرکردنــەوەی گشــتی سەبارەت بە ژن.

***

لە ئاکامدا بێینە سەر باســی ئــەوەی کــە ئایــا جیهــانی بــوون بــەم هــەموو لایەنــە پۆزتیف و نیگاتیڤانەی کە وتــرا بــارودۆخی ئێســتای ژن لــە ئێــران چــاکتر دەکــات یــان خراپتر؟

سەرەتا بڵێیم تەواوی ئەو کێشانەی بۆ ژن لە ئێران باس کرا کە دێتە سەر ژنانی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران وەکو نەتەوەی کورد، دو بەرابەر دەبێت. دیارە بە هۆی های ریسك ناسینی کوردستان بێبەش بوون لە پیشەسازی و گەشە، ئەوەندە لەم ناوچە ئاشکرایە کە بۆ کەس داناپۆشرێت.

وتمان جیهانی بوون لەگەڵ دروشمی دیموکراسی دێت، کارم نییە ئەو دیموکراسیە رۆژئاواییەیان چیە. وترا کە باس لە ئازادی، مافی مرۆڤ ، هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادی حیزبەکان، ئازادی بڵاوکراوەکان و ئازادی میدیاکان ئەکات. دیارە جیهانی بوون کارخانە کۆنەکانی رۆژئاوا دەهێنێت بۆ رۆژهەلاتێکی بێ کارخانە. بازاڕی کار و پێویستی بە هێزی کار دەهێنیت بۆ لاوان و ژنانی بێکار. لەوانەیە ئەم کارخانە کۆنانە ژینگەمان پیس کەن بەڵام کام ژینگە؟ ژینگەیەك کە ئاوەدان نییە تا ئێستا؟

لە لایەکیترەوە جیهانی بوون کۆیلەتی کاپیتالیزم خەلات ئەکات، دابڕانی کۆمەڵە فەقیر و دەوڵەمەندەکان زۆرتر ئەکات، دەسەلاتی کولتوری رۆژئاوا زیاتر ئەکات و...

ئایا دایکێکی کورد لای خۆی نالێ: دەی باشە ئەگەر کارخانە هەبێ کوڕەکەم بۆ کاسبی بە چوار تیکە بلوریاتەوە لە سەر سنوور ناچێتە سەر مین؟ کچەکەم بە هۆی فەقیری نانێرم بۆ کورەخانەکانی ئاجوری قەزوین؟ منی ژنیش دەرفەتێکم دەبێ بۆ کار و داهاتێکی ئابووریم دەبێ؟ ئیتر بۆ چەند قڕان پارە لە مێردەکەم ناپاڕێمەوە و لێم نادرێ؟ هێزی کاری منیش یارمەتیەك دەبێ بۆ ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ خۆم و بنەماڵەم؟

لەوانەیە لە روانگەی ژنێکی فەڕەنسی کە ژیانی خۆی لە وڵاتێکی پێشکەوتووی پیشەسازی بردۆتە سەر و زۆر لە کێشەکانی ژنانی جیهان سێیەمی نەدیوە، جیهانی بوون ناحەز بێت. بەڵام لە روانگەی ژنێکی جیهانی سێیەمی کە دەرفەتی کار و دەسکەوتی ئابووری و سەربەخۆیی و کەمڕەنگ بوونەوی پیاوسالاری و دەرفەتێك بۆ چالاکی لە رێکخراوە **NGO**کان و بچووك بو نەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەر کۆمەڵگای مەدەنی بۆ هەڵدەکەوێ، داخۆ جیهانی بوون هەر ناحەز و نیگاتیڤە؟

سەرچاوەکان:

١- دکتر محمد حسین رفیعی، آن سوی جهانی‌سازی، چاپ اوّل، تابستان ١٣٨١

٢- پل سوئیزی. سمیرامین، هری مگداف، جیووانی اریگی، جهانی شدن با کدام هدف؟ ترجمه‌ی ناصر زرافشان، چاپ اوّل زمستان ١٣٨٠

٣- آنتونی گیدنز، جامعه‌شناسی، ترجمه‌ی منوچهر صبوری، چاپ ششم تهران ١٣٧٩

٤- دکتر ژاله شادی طلب، توسعه و چالش‌های زنان ایران، چاپ اوّل ١٣٨١

٥- نوشین احمدی خراسانی، زنان در سایه‌ی پدر خوانده‌ها، چاپ سوم اسفند ١٣٨٠

٦- روژه گارودی، زنان چگونه به قدرت می‌رسند؟ ترجمه‌ی دکتر امان‌الله ترجمان، چاپ دوم مهر ١٣٧٩

٧- سند چهارمین کنفرانس جهانی زن، کار پایه‌ی عمل و اعلامیه‌ی پکن، مترجمان علی آرین و علی میر سعید قاضی، چاپ اوّل زمستان ١٣٧٥